

edf w
ئافرەتان

IOM
ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ

# هاوکاری ماددی پارەپێدان بەبێ سوو و لێوەرگرتنەوە

ڕێکخراوی IOM هاوکاری دارایی دەبەخشێت بۆ پاڵپشتیکردنی فراوانکردنی کار و بزنسە بچووک و مامناوەندەکان

- ئایا تۆ ئافرەتێکی عێراقی و خاوەنکاریت؟
- حەز دەکەیت کارەکەت فراوانتر بکەیت یان بیژیێنیەوە و بروی پێبدەی؟
- ئایا کار و بزنسەکەت زیاتر لە ساڵێکە کاردەکات و لانیکەم یەک کرێکارت هەیە؟ یان ئایا کار و بزنسەکەت تازەیە و کەمتر لە ساڵێکە کاردەکات و تۆ ڕاهێنانی کارگێڕی لە ڕێکخراوە ناحکومییە دانپێدانراوەکان/دامەزراوەکانی ڕاهێنانپێکردن وەرگرتووە؟

**ئەگەر وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە "بەڵێ!" بوو،**

**دەتوانن داواکاری پێشکەش بکەن لە ڕێگەی سکانکردنی ئەم QR کۆدە**

**بەستەری تۆمارکردنی سەرەتایی**
**https://bit.ly/EDFWSULI**

**کات و کاژێرەکانی کارکردن:**
بەردەستە بە درێژایی ماوەی تۆمارکردن

**پارێزگای سلێمانی**
ناونیشان: ژووری بازرگانی سلێمانی
شەقامی سالم

**ماوەی خۆتۆمارکردن:**
**٢٠٢٥/١١/٣٠ - ٢٠٢٥/١٢/١٨**

**ئەو کار و بزنسانەی کە بەشدارن لە بەرهەمهێنانی ئەمانەی خوارەوە، پارەتی لە سندوقی EDF وەرناگرن:**

- شتومەکی سەربازی و/یان چەک
- پلاستیکی یەکجار بەکارهێنراو (کوپ، شووشە، کیسە، کەلوپەلی مەتبەخ، قاپ و قاچاغ)
- ماددە زیانبەخشەکان (بۆ نموونە، کحول، تووتن، نێرگەلە، ڤەیپ)
- ئامێری پزیشکی و پێداویستی پزیشکی
- مۆلیدەکان

**پرۆسەی هەڵبژاردن لە شەش قۆناغ پێکدێت. دەبێت هەر قۆناغێک تێپەڕێنیت. ئەگەر کار و بزنس و پرۆژەکەت هەڵبژێردرا، کارمەندێکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی یان کورتەنامەیەکەوە پەیوەندیت پێوە دەکات.**

١ نیشاندانی ئارەزوو
٢ پشتڕاستکردنەوەی شوێنی کار
٣ فۆڕمی داواکاری
٤ سەردانی لیژنەی وەبەرهێنان
٥ دانوستاندن و ڕێککەوتن
٦ هەڵبژاردنی کۆتایی و واژۆکردنی گرێبەست

**ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ هانی ئەو کار و بزنس و پرۆژانە دەدات کە لەلایەن ژنان و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکانەوە خاوەندارێتی دەکرێن یان بەڕێوەدەبرێن بۆ ئەوەی داواکاری پێشکەش بکەن.**

## پێوەرەکانی شایستەبوونی پێدانی بەخشینە داراییەکە

**ئەو کار و بزنسانەی کە کەمترین پێوەرەکانی هەڵبژاردنی خوارەوەیان تێدایە دەتوانن داواکاری بۆ وەرگرتنی هاوکارییە داراییەکە پێشکەش بکەن، ئەگەر هیچ کام لەم پێوەرانەی خوارەوەی تێدانەبوو، ئەوا دەبێتە هۆی ڕەتکردنەوەی داواکارییەکەی کار و بزنسەکە:**

- دەبێت کار و بزنسەکە لە لایەن ئافرەتێکی عێراقی خاوەندارێتی بکرێت و بەڕێوەببردرێت.
- دەبێت زۆرترین ماوەی جێبەجێکردنی پلانی فراوانکردنەکە ١٢ مانگ بێت.
- دەبێت خاوەنکارەکە بتوانێت لانیکەم 15%ی بودجەی پێشنیازکراوی دەستپێکردنی کار و بزنس یان پلانی فراوانکردنی کارەکەی خۆی دابینبکات
- تیایدا بەرجەستەبوونی کەمترین پێوەرەکانی شایستەبوون بۆ هەر قۆناغێکی کار و بزنس؛ هەر لە دەستپێک و دانان تا دەگاتە قۆناغەکانی دواتری کار و بزنسەکە.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بەخشینی هاوکارییە داراییەکە، سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکەن edf.iom.int یان کۆدی QR سکان بکەن.

بۆ بینینی چیرۆکی سەرکەوتنی خاوەنکارەکان دەتوانن سەردانی ماڵپەڕەکانمان بکەن بە سکانکردنی ئەم بارکۆدە

خزمەتگوزارییەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بە تەواوی بێبەرانبەرن، و هەڵبژاردن بۆ سندوقی کۆتایی لەلایەن لیژنەیەکی سەربەخۆوە ئەنجامدەدرێت. ڕێکخراوی IOM پابەندە بە مامەڵەکردنی بەڕێزەوە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە خزمەتیان دەکەین. ئەگەر هەر کارمەندێک یان کەسێکی ڕێکخراوی IOM بەناوی ڕێکخراوەکە داوای پارە، خزمەتگوزاری، یان کاری نەشیاوی لە تۆ کرد، یان هەر جۆرە بەرتیلێکی پێشکەشکرد، تکایە دەستبەجێ ئەمە ڕاپۆرت بکە بە پەیوەندیکردن بە ژمارەی (80012525 – بۆ هێڵی خۆڕایی) یان (0662112525 – هێلی ئاسایی). لە یەکشەممە تا پێنجشەممە، لە کاتی دەوام کاتژمێر ٨:٠٠ بەیانی تا ٥:٣٠ ئێوارەیە.

| پێوەرە تایبەتەکانی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکانی خانمان بۆ ئەو کار و بزنسانەی لە دەستپێک و دانانن | پێوەرە تایبەتەکانی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکانی خانمان بۆ ئەو کار و بزنسانەی لە سەرەتا دان | پێوەرە تایبەتەکانی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکانی خانمان بۆ قۆناغی سەرەتا و دواتری کار و بزنسەکان |
|---|---|---|
| • توانای ئەوەی هەبێت نیشانی بدات کە بەرهەمەکانی لەگەڵ بازاڕدا دەگونجێت.<br>• دەبێت ماوەی ١٢-١ مانگ بێت کە کار و بزنسەکە لە کاردایە.<br>• خاوەنکارەکە ڕاهێنانی کارگێڕی لە ڕێکخراوە ناحکومییە دانپێدانراوەکان، و دامەزراوەکانی ڕاهێنانپێکردن وەرگرتبێت.<br>• دوای ئەوەی، پلانێکی بازرگانی دابنێت کە ئامادەی وەبەرهێنان بێت.<br>• توانای ئەوە نیشان بدات کە ئەو کار و بزنسە چ کاڵاک یان خزمەتگوزارییەک پێشکەشی کڕیاران دەکات. | • دەبێت کار و بزنسەکە توانای فراوانکردنی بە قەبارەیەکی بەرچاو نیشان دەدات (واتە ژمارەکانی فرۆشتن و گەشەکردن، پلانی فراوانکردنی کارەکە، شیکاری بازاڕ، ڕاپرسی و هتد).<br>• بەلایەنی کەمەوە یەک یان زیاتر لەیەک کارمەندی هەبێت کە لە ئێستادا لەسەر کارن و کاری بۆدەکەن (جگە خاوەنکارەکە خۆی).<br>• لە کاتی پێشکەشکردنی داواکارییەکەدا، دەبێت و کار و بزنسەکە لە نێوان ساڵێک بۆ سێ ساڵ بێت کار بکات.<br>• خاوەنکارەکە ڕاهێنانی کارگێڕی لە ڕێکخراوە ناحکومییە دانپێدانراوەکان، و دامەزراوەکانی ڕاهێنانپێکردن وەرگرتبێت (ئارەزوومەندانە). | • لە کاتی پێشکەشکردنی داواکارییەکەدا دەبێت ئەو کار و بزنسە زیاتر لە سێ ساڵ بێت کار بێت.<br>• لە ئێستادا پێویستە کار وبزنسەکە لە نێوان ١ بۆ ٣٠ کارمەندی هەبێت. (جگە لە خودی خاوەنکارەکە خۆی).<br>• دەبێت خاوەنکارەکە ئامادە بێت ڕاهێنان لەسەر کارەکە پێشکەشش بە لانیکەم یەک ژنە کارخواز بکات کە بەدوای کاردا دەگەڕێت، دەبێت ماوەی ڕاهێنانەکەش لانیکەم سێ مانگ بێت. |

## چۆن کار و بزنسەکان هەڵدەبژێردرێن؟

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) سیستەمێکی خاڵپێدان بەکاردەهێنێت کە تێیدا ئەو زانیاریانەی کە لەلایەن خاوەنکارەکەوە پێشکەشدەکرێن هەڵدەسەنگێندرێن، ئەو کار و بزنسانەی کە زانیاری ڕاست و دروست / پەیوەندیداریان پێشکەشکردووە، ڕیزبەندی بەرزتریان لە خاڵپێدانەکە دەبێت و زیاتر دەرفەتی هەڵبژاردنیان دەبێت.

| پێوەرەکانی هەڵبژاردن | پەیوەندیداربوون |
|---|---|
| ئەو بڕە پارەیەی کە لەڕێکخراوی IOM داواکراوە | • دەتوانیت داوای بڕە پارەیەک بکەیت لە نێوان ٦،٥٠٠،٠٠٠ دینار بۆ ٣٩،٠٠٠،٠٠٠ دینار و سەرووی ٣٩،٠٠٠،٠٠٠ دیناریش بۆ حاڵەتە شاز و هۆکارداردەکان.<br>• ئەو بڕە پارەیەی کە داوا دەکرێت پەیوەندی بە پێویستی ئیش و کار و چالاکییەکانی فراوانکردنی کار و بزنسەکەوە هەبێت.<br>• پلانێکی باش و ڕوون و وردی فراوانکردنی کار و بزنسەکە دەرفەتی هەڵبژاردن زیاد دەکات بەبێ لەبەرچاوگرتنی بڕی پارەی پێویست و داواکراو بە مەرجێک داواکردنەکە واقیعی ڕەوا بێت. |
| ئەو بڕە پارەیەی کە خاوەنکارەکە خستوویەتیەڕوو کە خۆی بەشداری پێدەکات و دەیخاتە ناوکارەکەوە | • تا بڕی پارە هێنراو لە لایەن خودی خاوەنکارەکە بۆ ناو کارەکە زیاتر بێت، ڕیزبەندی کارەکە لە خاڵپێدانەکە بەرزتر دەبێت. |
| کۆی ژمارەی کارمەندەکانی لە ئێستادا | • پێویستە ژمارەی ئەو کرێکارانەی کە هەیە بە وردی بدرێت چونکە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە قۆناغە جیاوازەکاندا پشتڕاستکردنەوە بۆ ئەوە دەکات.<br>• نابێت لە کۆی ژمارەی کارمەندان خاوەنیکارەکە خۆی هەژمار بکات.<br>• پێویستە خاوەنکار ئەو پۆستانەی کارەکەی بکات کە درێژخایەنن، و هەر تەنیا کاری ئاسایی لەخۆ نەگرێت کە لەسەر بنەمای پێویستی خراونەتە سەرکار. |
| ژمارەی ئەو کارمەندانەی کە پێشنیازکراوە زیاد بکرێن | • ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ ئەو داواکاریانە لەبەرچاو دەگرێت کە توانای زۆرتریان هەیە بۆ ڕەخساندنی هەلی کاری زیاتر لە بەرانبەر ئەو هاوکارییە ماددییەی کە داوا دەکرێت.<br>• دەبێت پلانی فراوانکردنی کارەکە بنەمایەک بێت بۆ دیاریکردنی ژمارەی ئەو کارمەندە زیادانەی کە پێویست دەبن، بۆیە تا تێچووی فراوانکردنەکە زیاتر بێت، دەبێت بە شێوەیەکی دروست و واقیعی هەلی کار زیاتر بڕەخسێنێت.<br>• ژمارەی ئەو کارمەندانەی کە دوای تەواوکردنی پلانی فراوانکردن دەخرێنە سەرکار.<br>• دەبێت کارە پێشنیازکراوەکان درێژخایەن بن (لانی کەم دەبێت خستنە سەرکار بۆ ماوەی ١٢ مانگی بن) بەڵام جۆری دیکە خستنە سەرکاریش بەپێی حاڵەتەکان قبوڵکراون.<br>• دەبێت لەڕووی مووچەی فەرمانبەرانی ئێستا و داهاتوو پابەندی پێدانی بڕی کەمترین مووچەی یاسایی بێت. |
| تێکڕای قازانجی مانگانە | • پێویستە خاوەنکارەکە بەوردی باسی تێکڕای قازانجی مانگانەی بکات، چونکە ئەو قازانجە کە بەشێوەیەکی ڕوونتر کار و بزنسەکە بەدەستیدەهێنێت بەو مانایەیە کە ئەو کار و بزنسە بەردەوامە و توانای فراوانبوونی زیاتری هەیە.<br>• قازانجی مانگانەت بە کەم یان زیاد مەزەندە مەکە چونکە ئەمە لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە قۆناغە جیاوازەکاندا پشتڕاستکردنەوە بۆ ئەوە دەکات. |
| بەهای ئەو قەرزانەی کە لەسەرت ماون | • پێویستە خاوەنکارەکان تەنیا باسی قەرزی بازرگانی بکەن.<br>• دەکرێت قەرزەکە لە دابینکەران، خاوەن خانوو، بزنسەکانی تر، بانک و دابینکەری خزمەتگوزارییەکان بێت.<br>• هەبوونی قەرز بەو مانایە نییە کە ناتوانیت داواکاری پێشکەش بکەیت و بەو مانایەش نییە کە تۆ لەبەرچاو نەگیرێت. |
| تەمەنی کار و بزنسەکە بە مانگ /ساڵ | • چەند کار و بزنسەکە کاردەکات بە مانگ/ساڵ. ئەمەش ئیشکردن و بەردەوامبوونی کار و بزنسەکە لەوەتەی لە دامەزراندنیەوە دەگرێتەوە. |
| ساڵانی ئەزموونی خاوەنکار | • ژمارەی ساڵانی ئەزموونی خاوەنکار کە لەو بوارەدا هەیەتی، ئەو ئەزموونەی کە وەک کارمەندێک لە کار و بزنسەکانی تردا بەدەستی هێناوە دەگرێتەوە. |
| باری یاسایی کار و بزنسەکە لەڕووی تۆمارکردنەوە | • پێویستە کار و بزنسەکە لە یەکێک لەمانەی خوارەوە تۆمارکرابێت: وەزارەتی بازرگانی و وەزارەتی پیشەسازی و وەزارەتی تەندروستی و ژووری بازرگانی و ژووری پیشەسازی.<br>• ئەو کار و بزنسەی کە تۆمارنەکراوان هێشتا مافی ئەوەیان هەیە داواکاری پێشکەش بکەن بۆ وەرگرتنی هاوکارییە ماددییەکە و لەبەرچاو دەگیرێن، بەڵام ئەگەر ئەو هاوکارییە ماددییەیان پێبدرێت، ئەوا پێویستە کار و بزنسەکە تۆمار بکەن وەک بەشێک لە پلانی فراوانکردنی کار و بزنسەکە. |